گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/hkgzjs08
ڕێکەوتی وەرگرتن: 21/01/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 18/02/2024
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/08/2025

# جوتزمانی پەروەردەیی و داخورانی زمانیی لەنێو قوتابییانی هەرزەکاردا

**هاژە چیچۆ محمدئەمین[١] - شێرزاد سعید صدیق[٢]**
sherzad.sedeeq@soran.edu.iq - hazha.ameen@soran.edu.iq
[١+٢]بەشی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان. عێراق.

**پوختە:**
لەم چەند ساڵەی دواییدا ژمارەیەکی زۆر قوتابخانەی تایبەتی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ڕێگەپێدراوە بەدامەزراندنیان، ساڵ دوای ساڵیش ڕێژەکەی لە هەڵکشاندایە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا دامەزراندنی ئەم جۆرە قوتابخانانە بۆ خوێندنی جوتزمانی بوو، بەڵام لەم قوتابخانانە فێرکردنی زمانی کوردی کێشەی گەورەی هەیە، چونکە وەک پێویست گرنگی بە وانەی کوردی نادرێت و کەمترین بەشەوانەی لە هەفتەکەدا بۆ تەرخانکراوە، بۆیە لێرەدا ئامانجمانە ئەوە بخەینەڕو، کە زمانی خوێندن لە قوتابخانە دەتوانێت بەڕێژەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر زمانی دایک جێبهێڵێت، بەمەش ڕۆڵی قوتابخانە لە پاراستن و زیندوهێشتنەوەی زمانی کوردی دەردەکەوێت، هەروەها دەمانەوێت جیاوازی داخورانی زمانی کوردی لە نێوان قوتابیانی خوێندن بەزمانی ئینگلیزی لەگەڵ قوتابیانی خوێندن بەزمانی کوردی دیاریبکەین، کە ئەمەش بە بەراوردکردنیان دەردەکەوێت.
ئەو داتا و ئامرازانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا بەکاردەهێنرێت، بریتییە لە فۆرمێکی پرسیارنامە، کە لە چوار تەوەر و (٢٥) برگە پێکهاتوە و بۆ کۆکردنەوەی داتاکەش میتۆدی چەندایەتی بەکارهێنراوە، دواى دابەشکردنی فۆرمی پرسیارنامەکە بەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پرسیارنامەکە لەلایەن بەشداربوانەوە و وەرگرتنەوەی وەڵامەکان، داتای بەدەستهاتو بە بەکارهێنانی هەریەکە لە یاسا ئامارییەکانی (One Way ANOVAو Regression) شیکراونەتەوە. لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی قوتابخانە وەکو بنەمایەکی نازمانیی بەڕێژەی (٤٤,٦٪) هۆکارە بۆ داخورانی زمانی دایک لای قوتابیانی هەڵبژێردراوی توێژینەوەکە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرز و کاریگەرە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ئەم جۆرە قوتابخانانە نەیانتوانیوە، ژینگەیەکی جوتزمانیی هاوسەنگ بۆ قوتابییەکان دروستبکەن، هەر ئەمەشە وایکردوە، کە جیاوازییەکی زۆر لە داخورانی زمانی دایک لە نێوان ئەو قوتابیانەی، کە لە قوتابخانەی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن لەگەڵ ئەو قوتابیانەی، کە بە زمانی کوردی دەخوێنن هەبێت.
**کلیلە وشەکان:** جوتزمانی پەروەردەیی، داخورانی زمانی، زمانی دایک، زمانی دوەم.

# Educational Bilingualism and Language attrition

Hazha Chicho Mohammed Amin[1] - Sherzad Saheed Sedeeq[2]

[1+2] Kurdish Department, Faculty of Education, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract:

In recent years, a large number of English-language schools have been allowed to be established by the Ministry of Education, and the number is increasing year by year. Though the establishment of such schools was originally meant to be for bilingual education, but teaching of Kurdish in these schools has faced big problems, because Kurdish lessons are not given enough attention and least weekly lessons have been allocated for Kurdish.

The researcher aims to show that the language of instruction in schools can have a significant impact on the mother tongue. This shows the role of schools in preserving and reviving Kurdish language.

Moreover, the researcher aims to show the differences of Kurdish language attrition between students who study in English and those who study in Kurdish, which is shown by comparing them.

The data and the tools used in the study are a questionnaire, which consists of four headings and 25 subheadings. Quantitative method was used to collect the data. After distributing the questionnaire form to the research community and answering the questions of the questionnaire by the participants and receiving the answers, the obtained data were analyzed using each of the statistical rules of Regression and One Way ANOVA.

The researcher concluded that schools as non-linguistic basis accounted for 44.6% of mother tongue attrition among the students in the study sample. This is a very high and effective rate. This proves that such schools have not created a balanced language environment for students. This is why there is a big difference in mother tongue attrition between students attending English-medium schools and those attending Kurdish-medium schools.

**Keywords**: Educational Bilingualism, Language Attrition, Mother Tongue, Second Language.

## پێشەکی

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ(جوتزمانی پەروەردەیی و داخورانی زمانیی لە نێو قوتابییانی هەرزەکاردا) تەرخانکراوە، دەچێتە ناو خانەی زمانەوانی پەروەردەییەوە، کە تێیدا ڕۆڵی زمانی خوێندن لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا لە نێوان سێ قوتابخانە دەخەینەڕو.

## ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە پیشـــانبدرێت زمانی خوێندن لە قوتابخانە بە ڕێژەیەکی کاریگەر دەتوانێت کاریگەری لەسەر زمانی دایک هەبێت، لەبەرئەوەی لە توێژینەوەکاندا بە گرینگییەوە باس لە ڕۆڵی قوتابخانەکان کراوە بۆ پاراستن و زیندوهێشتنەوەی زمانی نەتەوەیی، چونکە هەر زمانێک بۆ زانست و زانیاری بەکارنەهێنرێت، ئەوا ناتوانێت گەشـەبکات و بەزیندویی بمێنێتەوە، بەڵکو لە گیانی ئەو زمانەدا دەتوێتەوە، کە لەهەمان ژینگەدا بۆ خوێندن و زانست بەکاردەهێنرێت. بۆیە قوتابخانە وەک هۆکارێکی دەرەوەی زمان ڕۆڵی سـەرەکی هەیە لە هێشـتنەوەی زمانی دایک یان داخورانی، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە لەڕێگەی ئەو توێژینەوانەی لەسـەر خوێندن بە زمانی دایک ئەنجامدراون ئەوە بۆ دایکان و باوکان ڕونبکاتەوە، کە سـەرەتاییترین مافی منداڵ ئەوەیە، کە بەزمانی دایکی بخوێنێت و لەم مافە بێبەشـنەکرێن، لەپاڵ ئەوەشـدا ئەوەیان بۆ ڕوندەبێتەوە کاتێک منداڵ بە زمانی دایکی دەخوێنێت باشـتر دەتوانێت فێری ئەو زانسـتە ببێت، کە پێی دەخوێنێت، لەهەمانکاتتدا باشتردەتوانێت فێری زمانی دوەم ببێت.

## پرسیاری توێژینەوەکە:

١. ئایا قوتابخانە وەک بنەمایەکی نازمانیی تا چەند هۆکارە بۆ داخورانی زمانی دایک لای قوتابیانی پەروەردەی جوتزمانی؟

٢. ئایا قوتابخانە جوتزمانییەکان لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا توانیویانە لە نێوان قوتابییەکانیاندا، کە بە زیاتر لە زمانێک دەخوێنن و پەروەردەدەکرێن ژینگەیەکی جوتزمانیی هاوسەنگ دروستبکەن؟

٣. ئایا جیاوازی داخورانی زمانیی لە نێوان هەریەکە لە قوتابیانی گروپی تاقیکراو/ ئەو قوتابیانەی، کە بەزمانی ئینگلیزی دەخوێنن لەگەڵ قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵ/ ئەو قوتابیانەی، کە بەزمانی کوردی دەخوێنن هەیە یاخود نا؟

## گیروگرفتی توێژینەوەکە

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر زمانی کوردی ئەنجامدراون، ئەوە سەلـمێنراوە زمانی کوردی لەتوانایدا هەیە لەهەر بوار و پسـپۆرییەک بەکاربهێنرێت، کە مرۆڤ پێویسـتی پێیەتی، بەڵام سـەرباری ئەمە پەروەردە بە زمانی ئینگلیزی لە باشـوری کوردسـتان بوەتە بەشـێکی گرنگ لە سیستەمی پەروەردەی ئەم هەرێمە، بەبێ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداری لایەنە نەرێنییەکانی خوێندن بە زمانی بێگانەبێت، کە دەبێتە هۆی داخوران یان لەناوچونی زمانی دایک، چونکە خوێندن بەزمانی دوەم کاریگەری درێژمەودای لەســەر زمانی دایکی ئەو منداڵ و هەرزەکارانە هەیە، کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە پارسـتنی زمانی دایک و شوناسی نەتەوەییماندا هەیە.

## ناوەرۆکی توێژینەوەکە

چوارچێوەی کارکردنی ئەم توێژینەوەیە لەســەر تێڕوانینی Köpke & Schmid (2004) دامەزراوە، چونکە لە کاتی دەسـتنیشـانکردنی بنەما نازمانییەکانی داخورانی زمانی دایک **پەروەردە** بە یەکێک لە بنەما سـەرەکییەکانی داخورانی زمانی دایکدا دەستنیشـاندەکەن، واتە وەک گۆڕاوێکی سـەربەخۆ دەسـتنیشـاندەکرێن، کە ڕۆڵی لە داخورانی زمانی دایکدا هەیە.

ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوە و پاشکۆ لە دو تەوەری سەرەکی پێکدێت. بەشی یەکەم تایبەتە بە جوتزمانی پەروەردەیی، قوتابخانە و فێربون، فێکردنی زمانی دوەم، داخورانی زمانی دایک و بنەماکانی داخورانی زمان دەکات. لەبەشی دوەمیشدا بەپێی یاسای ئاماری (One Way ANNOVA و Regression) شیکردنەوە بۆ داتا بەدەستهاتوەکان دەکرێت، ئەوە دەخرێتەڕو قوتابخانە بەگشتی تا چەند کاریگەری لەسەر داخورانی زمانی دایک هەیە، لەهەمانکاتدا ئایا جیاوازی لە نێوان داخورانی زمانی قوتابیانی هەریەکە لە قوتابخانەکانی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی، لەگەڵ قوتابخانەی خوێندن بە زمانی کوردی هەیە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چەندایەتی **Quantitative** بەکارهاتوە، توێژەر لەڕێگەی پرسیارنامەیەکەوە، کە خۆی لە (٢٥) پرسیاردا دەبینێتەوە داتاکە کۆدەکاتەوە. پرسیارنامەکە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی زمان لە ژیانی ڕۆژانەی قوتابیان داڕێژراون بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، کە بۆچی زمانی دایک/ کوردی لای ئەو قوتابییانە ڕوبەڕوی داخوران دەبێتەوە؟ ئەمەش لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی لەڕێگەی ئەم پرسیارنامە کۆدەکرێنەوە، هۆکارە ئەگەرییەکانی داخورانی زمانی یەکەممان بۆ دەخاتەڕو، کە تاچەند ئەم هۆکارە ئەگەرییانە کاریگەرییان لەسەر داخورانی زمانی دایک/ کوردی هەیە؟

## کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو قوتابییانەی، لە شاری هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، قوتابییەکان کورد زمانن و تەمەنیان لە نێوان (١٣ بۆ ١٥) ساڵیدایە، هەر هەموشیان زمانی کوردی وەکو زمانی یەکەم بەدەستهێناوە. لە سێ گروپ پێکدێن، دو گروپی تاقیکراوی جوتزمان، لەگەڵ گروپێکی کۆنترۆل کە تاکزمانن. هەمو گروپەکان لە یەک ئاستی پەروەردەییدان، کە بازنەی سێیەمی بنەڕەتی دەگرێتەوە. هەڵبژاردنی قوتابخانەکان بە هەڕەمەکی و لەخۆوە نەبوە، بەڵکو هەڵبژاردنی قوتابخانە جوتزمانەکان بەمەبەست بوە، واتە ئەو قوتابخانانە هەڵبژێردراون، کە توێژەر زانیاری هەبوە داخورانی زمانیی لەلای قوتابیانی ڕویداوە، تەنانەت لای هەندێک لە قوتابییەکانیان هەست بە لەدەستدانی زمانیی کراوە، بۆیە بە مەبەستی دیاریکردنی ڕێژەی داخورانەکە لەنێوان قوتابیانی جوتزمان و بەراوردکردنیان لەگەڵ قوتابیانی گروپی تاکزمان، قوتابیان لە سەروی تەمەنی (١٢) ساڵی وەرگیراون، چونکە بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەسەر داخورانی زمان ئەنجامدراون پێیانوایە و گریمانەی ئەوە دەکەن لە سەرەتای ساڵانی تەمەنی هەرزەکاری لێهاتوییەکی باشیان لە زمانی دایکیان بەدەستهێناوە، واتە بەشێوەیەکی ئەزمونیی ئەوە سەلمێندراوە، کە منداڵ تاوەکو دەوروبەری تەمەنی (١٢) ساڵی توانای زمانیی لە گشت ئاستەکانی زمانی دایکی جێگیر نابێت، بۆیە پێویستە توێژەر قۆناغی دوای ئەم تەمەنە وەربگرێت، تاوەکو بتوانین چەندایەتی داخورانەکە دیاربیکات. گروپی جوتزمانەکان لە تەمەنی شەش ساڵییەوە لە بازنەی یەکەم و دوەم خراونەتە بەر ژینگەی جوتزمانی بەشێوەیەک، کە خوێندنی هەمو بابەتەکان، جگە لە کوردی لەهەردو بازنەکە بە زمانی ئینگلیزی بوە. هەرچی گروپەکەی ترە، لە تەمەنی شەش ساڵیەوە خراونەتە بەر ژینگەی تاکزمانی-کوردی، بە واتا خوێندنی بازنەی یەکەم و دوەمیان بە کوردی بوە. بۆیە ئێمە دەمانەوێت وەڵامی ئەوەمان دەستبکەوێت ئایا لەپێش تەمەنی (١٢) ساڵی و لە منداڵیدا منداڵ بخرێتە بەر ژینگەی جوتزمانی پەروەردەیی لە ڕێگەی قوتابخانە کاریگەری دەبێت لەسەر زمانی دایکی، یاخود نا، ئەمەش لە بەشە پراکتیکییەکەمان دەردەکەوێت.

بۆ ئەوەی بتوانین باشترین ئەنجام پێشکەش بکەین بەشداربوان لە سێ گروپ (دو گروپی تاقیکراوە، گروپێکی کۆنترۆڵ) لە ڕوی (تەمەن، پاشخانی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز، ئاستی خوێندن، کاتی دەستکردن بە خوێندن) وەک یەک وەرگیراون و هاوتاکراون.

## مەرجی بەشداربوان بۆ هەردوک گروپەکە ئەمانەی خوارەوەن:

## گروپی جوتزمان/ گروپی تاقیکراو Bilingual Group

- بەشداربوەکە دەبێت کوردبێت.
- بەشداربو دەبێت هەردو زمانی ئینگلیزی و کوردی بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆی وەکو پێداویستییەکی سەرەکی بەکارهێنابێت.
- دەبێت بەشداربوەکان تەمەنیان لە نێوان (١٣بۆ ١٥) ساڵی دابێت، کە خوێندنی بنەڕەتییان لە هەردو بازنەی یەکەم و دوەم بە زمانی ئینگلیزی بێت، هۆکاری ئەوەی ئەو دو بازنەیەی خوێندن بۆوەتە مەرج، چونکە لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان، کە لەسەر داخورانی زمان ئەنجامدراون، داخورانی زمانیی بە پرۆسەیەکی هێواش و لەسەرخۆ وەسفدەکەن، واتە لە پڕ ڕونادات، بەڵکو پێویستی بە ماوەیەکە بۆ ڕودانی.
- بەشداربوەکان لایەنی کەم (٦)ساڵ لە هەولێر و سۆران ژیابن و هەمان ژینگەی زمانیان هەبێت.

## گروپی تاکزمان/ گروپی کۆنترۆڵ Monolingual Group

- بەشداربوەکە دەبێت کورد بێت و (٦)ساڵ پێش ئێستا لە کوردستان ژیابێت.
- بەشداربو دەبێت زمانی کوردی بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆی وەکو پێداویستیەکی سەرەکی بەکارهێنابێت.
- دەبێت بەشداربوەکان کوردێکی تاک زمان بن و بازنەی یەکەم و دوەمی خوێندنی بنەڕەتیان لە قوتابخانەی تاک زمانی کوردی خوێندبن.
- بەشداربوەکان دەبێت تەمەنیان لە نێوان (١٣ بۆ١٥)ساڵی دابێت.

بۆ ئەوەی بتوانین داخوران لە کارامەییە زمانییەکانی بەشداربوە جوتزمانەکان دیاری بکرێت پێویستە لەگەڵ قوتابیانی تاکزمانی هاوتەمەنی خۆیان بەراورد بکرێن نەک توانای زمانی توێژەر، دەکرێت لە ڕێگەی دیاریکردنی توانا و کارامەییە زمانییەکانی گروپی کۆنترۆڵ بەشێوەیەکی وردتر توێژینەوەکە ئەنجام بدەین، کە:

١.هاوتەمەن

٢.هەمان ئاستی پەروەردەیی

٣.لە یەککاتتدا لەم هەرێمە ژیابن.

## زانیاری پێشینە لەسەر قوتابخانەکانی هەڵبژێردارو بۆ ئەم توێژینەوەیە:

توێژینەوەکە لە قوتابخانەیەکی ناحکومی لە شاری هەولێر (قوتابخانەی معاریفی نێودەوڵەتی) و دو قوتابخانەی حکومی لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ئەنجامدراوە، کە (قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیسی- حکومی و قوتابخانەی سۆرانی نمونەیی حکومییە). قوتابخانە جوتزمانەکانی ناو توێژینەوەکە وەک قوتابخانەی دو زمانە لە ڕواڵەتدا هەستیان پێدەکرێت، لەکاتێکدا زمانی خوێندنی گشت بابەتەکان لەم قوتابخانانە، جگە لە بابەتەکانی کوردی و عەرەبی، زمانی

ئینگلیزییە. قوتابخانە جوتزمانەکانی توێژینەوەکە لەســەر بنەمای پرۆگرامی نیشــتمانی بۆ ئینگلتەرا یان مۆدێلێکی ئەمریکی دامەزراون، جگە لەوەش پرۆگرامە ئینگلیزییەکان لەلایەن قســەپێکەرە ڕەســەنەکانی زمانی ئینگلیزییەوە دانراون و هەرچی پرۆگرامی قوتـابخـانەی خوێنـدن بە زمـانی کوردییە، کە ســۆرانی نمونەییە، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی بـاشــوری کوردستانەوە دانراوە، بەڵام جیاوازی لە نێوان دو قوتابخانە، کە خوێندن بە زمانی ئینگلیزیی لە ڕوی ستافی مامۆستایان هەیە، چونکە مامۆسـتایانی قوتابخانەی معارفی نێودەوڵەتی بەڕێژەیەکی زۆر بیانین و لەنەتەوەی کوردنین، کەچی تەواوی مامۆســتایانی قوتابخانەی ســۆرانی نێودەوڵەتی ســابیس، کە لە بازنەی ســێیەم وانە دەڵێنەوە، کوردزمانن، جگە لەمە جیاوازییەکی تری نێوان هەردو قوتابخانەکە لە ڕوانگەی قوتابیانەوەیەوە، چونکە قوتابیانی معارفی نێودەوڵەتی، جگە لە قوتـابیـانی بە ڕەچەڵەک کورد نەتەوەی تری وەکو عەرەب و تورک و بیـانی تێـدایە، کەچی لە قوتـابخـانەی ســۆرانی نێودەوڵەتی ســابیس تەواوی قوتابیانی ئەم بازنەیە لە نەتەوەی کوردن، ئەمەش دوای ســەردانیکردنی توێژەر بۆ هەریەکە لەم دو قوتـابخـانەیە بەدیارکەوت، کە بەمەش ڕێژەی بەرکەوتنی قوتـابیـان لەگەڵ زمـانی ئینگلیزی زۆر زیـاتر دەکات، لەوانەیە ئەمەش کاریگەری لەســەر جیاوازی ڕێژەی داخورانی زمانی دایک/کوردی لەلایەن قوتابیانی هەردو قوتابخانە جوتزمانەکان دروست بکات، کە ئەمەش لەبەشە پراکتیکیەکە دەست دەکەوێت.

## سنوری توێژینەوەکە

سنوری ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە سێ جۆر نمونە، کە توێژەر بەمەستی دەستکەوتنی داتا و زانیارییەکان بۆ دۆزینەوەی ئەنجامەکان بە پێی میتۆد و ئامانجەکانی توێژینەوە هەوڵیداوە سێ گروپ لە نمونەی توێژینەوە وەبگرێت، لەوانە: معارفی نێودەوڵەتی، کە بریتین لە (٩٥) بەشــداربو، ســۆرانی نمونەیی (٩٢) بەشــداربو، گروپێکی دیکە لە نمونەی توێژینەوە قوتابخانەی سـۆرانی نێودەوڵەتی سـابیس. توێژەر بۆ دەسـتنیشـانکردنی قەبارەی بەشـداربوان لەم قوتابخانانە پشـتی بە فۆڕمولەکەی کۆکران بەسـتوە بەمەبەسـتی وەرگرتنی ناوەندەژمێرەیی، بۆ ئەوەی بتوانرێت گشـتاندنی بەسـەر کۆمەڵگەی توێژینەوە بکرێت، چونکە ژمارەی قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە زۆر زیاتربو لە قوتابخانەی معارفی نێودەوڵەتی، بۆیە دەبوایە ناوەندە ژمێرەیی بۆ وەربگیرێت، کە (١٤٤) بەشـداربوە. بۆیە کۆی قەبارەی نمونەی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت، لە (٣٣١) قوتابی بەشداربو لەم سێ قوتابخانەیە بە شێوەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار.

## ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا

لێرەدا بەمەســتی گەیشــتن بە ئامانج و پرســیارەکانی توێژینەوە و کۆکردنەوەی داتا لە میتۆدی چەندایەتی پشــتمان بە پێوەرێکی ئامادەکرا و بەســتوە، کە لەلایەن Kim(2007) ئامادەکراوە، کە لە تێزی دکتۆراکەی لەســەر (داخورانی زمانی یەکەم لەناو ژینگەی فێربونی زمانی دوەم) ئەنجامیداوە. برگەی پرســیارەکانی ناو پرســیارنامەکەی لەژێر ناونیشــانی بەکارهێنانی زمان داڕشتوە، ئەگەرچی لە چەند توێژینەوەیەکی زمانەوانی، کە لەسـەر داخورانی زمانیی ئەنجامدرابون نزیکی هەمان پێوەر بەدیکران، لەوانە: Yagmur(1997)، Schmid (2002)، Hanani (2009)، بەڵام پاڵپشـت بە ئامانج و پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر پێوەرەکەی Kim(2007)ی بە پەسەندترین پێوەر زانیوە.

ئەم پێوەرە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێردراوەتە ســەر زمانی کوردی. جارێکیتریش لەلایەن توێژەرەوە دوبارە جێگیری بۆ دەرهێندراوەتەوە، کە ئاستی جێگیریەکەی بریتیبو لە (0.916).

پێوەرەکە پێکهاتوە لە (٢٥) برگە، کە بەسەر چوار بواری سەرەکی دابەشکراوە. ئەوانیش بریتین لە:

- پەیوەندیکردن بە کەسانی تر (٨) برگە.

-پەیوەندی پێکران لە لایەن کەسانیتر (٨) برگە.
-زمانی چالاکییەکانی ڕۆژانە (٣) برگە.
-بەکارهێنانی زمان لە بارودۆخی جیاواز (٦)برگە.

لەم پێوەرەدا بۆ وەڵامی هەر برگەیەک تەنها یەک بژاردە هەیە، کە ئەویش بژاردەی پێنج هەڵبژاردەییە، واتە بۆ هەر برگەیەک پێنج بژاردە هەیە، بژاردەکانیش بەم شێوەیە بژاردەیان پێدراوە(١= کوردی، ٢=کوردی زیاتر لە ئینگلیزی، ٣=هەردوکیان وەک یەک، ٤= ئینگلیزی ، ٥= ئینگلیزی زیاتر لە کوردی) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێوەرەکە بە زمانی کوردی بڕوانە پاشکۆی (١). گۆڕینی بژاردەکانیش لە نوسینەوە بۆ ژمارە بۆ ئەوەیە، تاکو بتوانرێت لە ڕێگەی ئامرازە ئامارییەکانەوە شیکردنەوە بۆ داتاکان بکرێت.

## ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێوەری داخورانی زمانی دایک:

یەکێک لە ڕێگاکانی ڕاستگۆیی بۆ هەر پێوەرێک بەر لە بەکارهێنانی لەسەر نمونەی توێژینەوە بریتییە لە (face validity)، ئەم جۆرە ڕاستگۆییە بۆ هەڵسەنگاندنی برگەکانی پرسیارنامەکە بە شێوەیەکی ڕواڵەتیانە بەکاردەهێنرێت، چونکە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پێمان دەڵێت ئایا ئەم پێوەرە دەتوانێت پێوانەی ئەم دیاردەیە بکات یاخود پرسیارنامەکە ناتوانێت پێوانەی ئەم دیاردەیە بکات و پەیوەندی بەم دیاردەیەوە نییە، کە (قەرەچەتانی ٢٠١٨: ١٢٢) پشتگیری ئەم جۆرە ڕاستگۆییە دەکات. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر گشت برگە و پێوەرە ئامادەکراوەکانی خستە بەردەستی (٩) کەسی شارەزا و پسپۆڕی زمانەوانی و کۆمەڵناسی ودەروونناسی بۆ ئەوەی بۆچون و تێبینیەکانیان لەسەر هەر برگەیەک لە برگەکانی ئەم پێوەرە بخەنەرو، کە توێژەر پشتی پێبەستوە. شارەزایان دو هەفتەیان لەبەردەستبو بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاستاندنی پێوەرەکە، بۆ زانینی ناوی شارەزایان و پسپۆڕان و شوێنی کارکردنیان، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٢).

دوای گەڕانەوەی بۆچون و تێبینیەکانی شارەزایان لەسەر هەر برگەیەک لە برگەکانی ئەم پێوەرە، توێژەر بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی پرسیارنامەکە دو یاسای بەکارهێناوە، کە ئەوانیش بریتین لە ڕێژەی سەدی بۆ هەمو برگەکان، هەروەها دەرهێنانی بەهای کایسکوێر (chi- square) بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی بەڵگەداری ئاماری هەربرگەک لەم پێوەرە، کە بە پێی ئەم یاسایە بێت، دەبێت ڕێژەکەی لە (٣,٨٤١) زیاتربێت، ئەگەرنا دەبێت برگەکە لابدرێت. هەروەک لە خشتەی ژمارە (١) پێشاندراوە. واتە توێژەر لەڕێگەی هەریەکە لەم یاسایانە ڕاستگۆیی ڕواڵەتی دەرکرد، کە جگە لە سێ برگە، کە بریتیبون لە برگەکانی (٧، ١٦، ٢١)، هەمو برگەکان ڕێژەیان لە (٣,٨٤١) بەرزتربو، بۆیە لە کۆی (٢٨) بیست و هەشت برگە تەنها (٣) برگە لادران و (٢٥) برگە وەک خۆیان مانەوە، هەروەک لە خوارەوە دەیانخەینەڕو:

| ژ | برگەکان | ڕێژەی سەدی | chi-squared | ئاستی گوزارشتی ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لەگەڵ باوکت بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ٢ | لەگەڵ دایکت بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ٣ | لەگەڵ خوشک و براکانت بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ٤ | لەگەڵ هاوپۆلەکانت لە ناو پۆلدا بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ٥ | لەگەڵ هاوپۆلەکانت لە دەرەوەی پۆلدا بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | لەگەڵ مامۆستاکانت لە قوتابخانەدا بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ٧ | لە ژیانی ڕۆژانەتدا لەگەڵ نەنک و باپیرت (ئەگەر لەگەڵ ئێوە دەژین) بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟ | ٢٢,٢٢ ٪ | ٢,٧٧ | بەڵگەدارنییە |
| ٨ | لەگەڵ هاورێکانت، کە لە قوتابخانە لەگەڵت نین بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ٩ | لەگەڵ کەسوکارت / خزم و کەس بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ١٠ | باوکت بە چ زمانێک قسە لەگەڵ تۆدا دەکات؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ١١ | دایکت بە چ زمانێک قسە لەگەڵ تۆدا دەکات؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ١٢ | خوشک و براکانت بە چ زمانێک قسە لەگەڵ تۆدا دەکەن؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ١٣ | هاوپۆلەکانت لە ناو پۆلدا بە چ زمانێک قسە لەگەڵ تۆدا دەکەن؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ١٤ | هاوپۆلەکانت لە دەرەوەی پۆلدا بە چ زمانێک قسە لەگەڵ تۆدا دەکەن؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ١٥ | مامۆستاکانت لە قوتابخانە بە چ زمانێک قسە لەگەڵ تۆدا دەکەن؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ١٦ | لە ژیانی ڕۆژانەتدا نەنک و باپیرت (ئەگەر لەگەڵ ئێوە دەژین) بە چ زمانێک قسە لەگەڵ تۆدا دەکەیت؟ | ٢٢,٢٢ ٪ | ٢,٧٧ | بەڵگەدارنییە |
| ١٧ | لە ژیانی ڕۆژانەتدا هاورێکانت، کە لە قوتابخانە لەگەڵت نین بە چ زمانێک قسە لەگەڵ تۆدا دەکەن؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ١٨ | خزم و کەست بە چ زمانێک قسە لەگەڵ تۆدا دەکەن؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ١٩ | بە چ زمانێک سەیری بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان و ڤیدیۆ و گۆرانی دەکەیت و گوێ دەگریت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ٢٠ | خوێندنەوەی (پەرتوک، چیرۆک، ڕۆمان..) بە چ زمانێکە؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ٢١ | لە ژیانی ڕۆژانەتدا بە چ زمانێک تەلەفۆن بەکار دەهێنیت؟ | ١١,١١ ٪ | -٥,٤٤ | بەڵگەدارنییە |
| ٢٢ | نامە و بیرەوەری و تێبینیەکانی ژیانی ڕۆژانەت بە چ زمانێک دەنوسیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ٢٣ | کاتێک جنێو دەدەیت چ زمانێک بەکار دەهێنیت؟ | ٪٨٨ | +٥,٤٤ | بەڵگەدارە |
| ٢٤ | کاتێک سەرسام دەبیت چ زمانێک بەکار دەهێنیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ٢٥ | کاتێک لە ژێر فشار دایت چ زمانێک بەکار دەهێنیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ٢٦ | بە چ زمانێک خەون دەبینیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ٢٧ | کاتێک شتەکان دەژمێریت، کامە زمان بەکار دەهێنیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |
| ٢٨ | کاتێک لە مەترسیدایت چ زمانێک بەکار دەهینیت؟ | ٪١٠٠ | ٩ | بەڵگەدارە |

خشتەی (١) دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بەڕێژەی سەدی و بەهای (chi- squared) بۆ سەرجەم بڕگەکانی پێوەری داخورانی زمانی دایک/کوردی.

## جێگیری بە ڕێگای یەکگرتویی ناوەکی: Cronbach’s Alpha

"ئەلفا کرۆنباغ یەکێکە لەو پێوەرانەی کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە بۆ متمانەپێکردن لە زانستە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییەکان" (Bonett & Wright,2014:1)، بۆیە توێژەریش بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی یەکگرتویی هەر بڕگەیەک بە بڕگەکانی دیکە لە پێوەری داخورانی زمانی دایک لە ڕێگەی یەکگرتوی ناوەکی (ئەلفا کرۆنباغ) هەوڵیداوە جێگیری بۆ ئەم پێوەرە بدۆزێتەوە دوای جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەرکەوت، کە ڕێژەی جێگیریەکەی بۆ گشت بڕگەکان بریتییە لە

(0.916)، کە ئەمەش بە بەهـایەکی بەرز لە جێگیری پێوەرەکە دادەنرێـت و بەڵگەداری ئـامـارییە، چونکە بەهـای دەرهێنراوی ئەلفـاکرۆنبـاغ تـا زیـاتر لە (١) نزیکتر ببێتەوە ئەوە ئەو پەیوەنـدییە بەهێزترە، هەروەک( Tavakol & Dennick,2012:53) دەڵێن" ئاستی بەهای ئەم ڕێگەیەش وەکو ژمارە هەمیشە دەبێت بکەوێتە نێوان ژمارەکانی (٠) بۆ (١). بڕوانە خشتەی ژمارە(٢).

| ئاماری جێگیری | |
|---|---|
| Cronbach's Alpha | ژمارەی بڕگە |
| 0.916 | ٢٥ |

خشتەی (٢) دەرهێنانی بەهای جێگیری یەکگرتویی ناوەکی بۆ گشت بڕگەکانی پێوەری داخورانی زمانی دایک.

## ١,١ جوتزمانی پەروەردەیی: Educational Bilingualism

پەروەردەی جوتزمانی ئاماژە بە بەکارهێنانی دو زمان دەکات لە ناوەندەکانی خوێندن. زۆربەی توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن بیردۆزی جیاواز هەیە بۆ فێرکردنی منداڵ بە زمانی دوەم، ئەمەش بە چاودێریکردن و بەرنامەدانان لەلایەن ئەو قوتابخانە و مامۆسـتایانەوە دەبێت، کە جوتزمانی تێدا پێڕەو دەکرێت، چونکە کاتێک منداڵ ڕوبەڕوی دو زمان دەبێتەوە دەتوانێت بە شێوەیەکی سروشتی فێری هەردو زمانەکە ببێت، بەڵام دەبێت ئەو پەروەردە دوزمانییە لەسەر گەشەی مەعریفی زمانی ڕەسەنی قوتابییان بنیات بنرێت. لەم بارەیەوە

(Moll & Dworin (1996دەڵێن: " ئەو قوتابییانەی بە بەهێزی لەڕێگەی زمانی دایکیان گەشـــە بە توانای زمانی و زانســتی خۆیان دەدەن باشــتر دەتوانن ناوەڕۆکی ئەکادیمی بە زمانی دوەم فێربین" (Al-Jumaily, 2021: 24 ) واتە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زیاتری ئەکادیمی بە زمانی دوەم پێوستە سەرەتا منداڵەکە توانای زمانیی و ئەکادیمیی بە زمانی یەکەمی باش بێت. بۆیە ڕێکخراوی یونسـکۆ" لە سـاڵی ١٩٥٣ی لە ڕاپۆرتی لیژنەیەکی پسـپۆڕ، کە لەلایەن یونسـکۆوە ڕاسپێردرابو بۆ لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنی زمانەکان لە شوێنە پەروەردەییەکان لە سەرانسەری جیهاندا، جەخت لەسـەر گرنگی بەکارهێنانی زمانی دایکی قوتابی دەکاتەوە لە پەرەپێدانی توانای گوزارشـتکردن لەخۆی بەتەواوەتی. ئەمەش بەفەرمی لە ساڵانی سەرەتای خوێندنی" (Sapolsky & Hult,2008:79) واتە لە یونسکۆشەوە ئەوە یەکلاکراوتەوە، کە باشترین زمان بۆ پەروەردەکردنی منداڵ زمانی دایکە، بەڵام ئەگەر منداڵەکە خرایە بەر ژینگەی جوتزمانی لەم بارەیەوە دەڵێت: "پەروەردەی دو زمانە و فرە زمانیی ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی دو یان زیاتری زمانەکان وەک زمانی فێرکردن. لە زۆربەی ئەدەبیاتی تایبەتمەنددا، ئەم دو جۆرە لە ژێر زاراوەی پەروەردەی دو زمانەدا جێگیر کراون. هەرچۆنێک بێت، یونسـکۆ لە ساڵی ١٩٩٩ لە بڕیارنامەی ١٢ی کۆنفرانسی.گشتیدا زاراوەی 'پەروەردەی فرە زمانی'ی پەسەند کرد بۆ ئەوەی ئاماژە بە بەکارهێنانی لانی کەم سێ زمان، زمانی دایکی، زمانێکی ناوچەیی یان نیشـتمانی و زمانێکی نێودەوڵەتی لە پەروەردەدا بکات" (Unesco,2003:17) واتە لەسـەر بنەمای زمانی دایک پێشـنیازی پەروەردەی جوتزمانی دەکات. هەر لەم بارەیەوە (شـیلان عومەر) دەڵێت: "یونســکۆ لە ڕاپۆرتەکەیدا (٢٠٠٨) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، پەروەردەی جوتزمان/ فرەزمان کاتێک سـەرکەوتو دەبێت، لەلایەن پەروەردەکارانی لێهاتو و مامۆسـتایانی منداڵانی سـەرەتاییەوە دەسـتیان بە سـەرچاوە دەوڵەمەندەکانی زمانی یەکەم بگات، لەوانەش سـەرچاوەی نوسراو و هەروەها دەبێت پاڵنەریان هەبێت بۆ فێربونی زمانی یەکەم و زۆرێک لەو شـوێنانەی پێویســتی بە ڕونکردنەوە و تێگەیاندنی دایک و باوکان و ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگاوە

هەیە، سەبارەت بە گرنگی و نرخ و بەهای زمانی دایک و ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان لەسەر پەروەردە بە زمانی دایکیان بە درێژایی قۆناغی سەرەتاییەوە. فێربونی زمان لە ماڵەوە و سەنتەری خێزان، بناغەی سەرکەوتنی منداڵانە لە قۆناغی سەرەتایی و خوێندنی فەرمیدا"(حسێن،١٢٣: ٢٠٢٢).

لەسەر ئەم بابەتە (شیلان عوسمان)دەڵێت: جوتزمانی پەروەردەیی بریتییە "لەم جۆرەی جوتزمانی، کە لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە تاک فێری دەبێت، خۆویستە، بەتایبەتی ئەگەر زمانی دایک لە کۆمەڵگاکەدا ڕێگەپێدراوبێت (وەک ئەم قوتابخانە ناحکومییانەی، کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەن، پرۆگرامی خوێندن بە زمانی بیانییە، لە کاتێکدا زمانی کوردی لە قوتابخانە حکومییەکان زمانی خوێندنە، ئەم جۆرەی جوتزمانی (School Bilingualism)ی پێدەگوترێت" (بەکر،٢٠١٧: ١٢).

لەم توێژینەوەیەدا باس لەم جۆرەی جوتزمانییە دەستکردە دەکەین، کە لە ڕوانگەی بنەما نازمانییەکانەوە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر زمانی دایک/کوردی، کە ژینگەی قوتابخانە دروستیکردوە، چونکە لە هەرێمی کوردستان چەندین قوتابخانەی نێودەوڵەتی حکومی و ناحکومی تێدایە، کە بۆتە هۆی دروستبونی ژینگەیەکی دو زمانی ناتەواو بۆ قوتابییان، چونکە مامۆستاکان لە پێشکەشکردنی بابەتەکان، زانیاری و ڕێنمایی بە هەردو زمانەکەدا پێشکەش ناکەن، بەڵکو تەواوی وانەکان بە زمانی دوەم/ ئینگلیزی دەخوێندرێت لە پاڵیدا تەنها وانەی کوردی بە زمانی کوردی دەخوێندرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابیان بە زمانی دایک شارەزای چەمکە بنچینەییەکانی زانستەکە نەبن. لەم بارەیەوە Al-Jumaily(2021) پێیوایە مامۆستایان لە پۆلە دو زمانییەکاندا بارگرانیان دەکەوێتە سەر بۆ یارمەتیدانی منداڵان، چونکە نەک تەنیا دەبێت فێری زمانی دوەمیان بکەن، بەڵکو ئەرکی پاراستنی زمانی میرات/ heritage language یان لەسەرشانە، چونکە کاتێک پشتگیری قوتابخانە بۆ گەشەسەندی دو زمانی بەشێوەیەکی هاوتەریب و هاوسەنگ کەمدەبێتەوە، پاراستن و گەشەسەندی زمانی میراتی دەکەوێتە ئەستۆی خێزان، لەم حاڵەتەدا پێشبینی دەکرێت سەرکەوتن دەگمەن بێت. لە خوێندنی جوتزمانی ئەگەر هاتو نەبوە هۆی پێشکەوتنی هەردو زمانەکە لە یەککاتدا، ئەوە بەم پرۆسەیە دەگوترێت (دو زمانی ناتەواو/Subtractive Bilingual)، چونکە هەردو زمانەکە لەڕوی مەعریفی و زمانەوانییەوە بەیەکەوە گەشە ناکەن، ئەمەش زیانبەخش دەبێت بۆ فێربونی قوتابییەکان، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات "هەبونی قوتابخانەی دوزمانیی لە هەندێک لە وڵایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، هەروەها لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا قەدەغەیە، بۆیە لەم جۆرە وڵاتانەی دەرەوە بۆ هێشتنەوەی قوتابخانەی جوتزمانی بەربەست هەیە، بەشێک لەم بەربەستانە لە خوارەوە دەخەینەڕو:

١. فشار خستنە سەر مامۆستایان لە لایەن حکومەتەوە، ئەمەش بە پێدانی ڕێنمایی توندە بە مامۆستاکان بۆ ئەوەی ئەو منداڵانەی، کە تاک زمانن و سەربە نەتەوەی ئەوانەوە نین بەزوترین کات منداڵان و قوتابییان بگوازنەوە سەر زمانی نەتەوەییان، تەنانەت ئەگەر مامۆستاکە دوزمانیش بێت.

٢. حکومەت و دەسەڵات وەک پێویست پشتگیری و هاوکاری قوتابخانە جوتزمانەکان ناکات، لەحاڵەتی هاوکاریکردنیش، هاوکارییەکەی زۆر سنوردارە.

٣. نەبونی کەرەستە و ڕێنمایی فێرکاری بە زمانی یەکەمی قوتابییان، بە شێوەیەکی گشتی لەبەر دەستدا نین" (Al-Jumaily, 2021: 25).

بەراوردێک لە نێوان ئەو بەربەستانەی لە وڵاتانی وەک ئەمەریکا و ئەوروپا بەمەبەستی کەمبونەوەی یان نەهێشتی قوتابخانەی جوتزمانی لەگەڵ ئەو پشتگیرییەی، کە بۆ قوتابخانەی جوتزمانی دەکرێت بکەین، دەبینین تەواو پێچەوانەیە، چونکە لە باشوری کوردستان حکومەت و دەسەڵات بەهەمو شێوەیەک ئاسانکاری بۆ کردنەوە و زیادبونی ئەو قوتابخانانە دەکات، کە جوتزمانن نەک ئەوانەی، کە تاک زمانن و خوێندن تێیاندا بە زمانی دایکە، هەر ئەمەشە وایکردوە ساڵ دوای ساڵ ژمارەی قوتابخانە جوتزمانەکان ڕو لە هەڵکشان بێت، بەتایبەت ئەو قوتابخانانەی، کە خوێندنی بازنەی (یەکەم و دوەم و سێیەمیان) بەزمانی دوەمە و جوتزمانن. ئەم بابەتەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ زۆری خواستی دایک و باوکان بۆ ناردنی منداڵەکانیان بۆ ئەم جۆرە قوتابخانانە.

بە پێی ئەو توێژینەوانەی ئەنجامدراون ئەم بازنانەی خوێندن زۆر هەستیارن بۆ زمانی دایک/کوردی قوتابی، بەتایبەت بازنەی یەکەم و دوەم، چونکە بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەسەر داخورانی زمان ئەنجامدراون، تەمەنی خوێندنی بازنەی یەکەم و دوەم بە ماوەی هەستیار هەژمار دەکرێت بۆ وەرگرتنی زمانی دایک یان داخورانی. لە تەوەرەی دوەمدا لە بنەما نازمانییەکانی وەک تەمەن زیاتر تیشکی دەخرێتە سەر.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کە هەریەکە لە Fillmore (2002) وLee(2002) لە توێژی نەوەکانیاندا، لەسەر کۆچبەرانی جوتزمانی، کە لە ئەمەریکا دەژین ئەنجامیان داون دەڵێن: مەترسی داخوران و لەدەستدانی زمانی دایک کاتێک بۆ ئەو کۆچبەرانە ڕودەدات، کە ئەو کۆچبەرانە دەست بە خوێندن بە زمانی دوەم/ ئینگلیزی دەکەن. واتە بە پێی هەریەکە لەم توێژینەوانە بێت یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی داخوران و لەدەستدانی زمانی دایک خوێندنە بەم زمانە، چونکە ئاگاداری ئەوەن وەک چۆن منداڵەکانیان لە ڕێگەی خوێندنەوە زمانی دوەم فێردەبن، لە هەمانکاتدا توشی داخوران و لەدەستدانی زمانی دایکیان دەبنەوە، بۆیە پاراستنی زمانی دایک بۆ کۆچبەرەکان زۆر ئەستەم دەبێت، واتە خوێندن بە زمانی دوەم نەک هەر بۆ ئێمەی کورد، کە لەناو ژینگەی زمانی دایک داین توشی داخوران و لەدەستدانی زمانی دەبین، بەڵکو بۆ ئەو کۆچبەرانەی، کە لەناو ژینگەی زمانی بێگانەشن، تاوەکو منداڵەکانیان دەست بەخوێندن نەکەن ڕوبەڕوی ئەم گرفتە نابنەوە.

## ٢,١ قوتابخانە و فێربون بە زمانی دوەم [١]

فێربونی زمانی دوەم ئەو پرۆسەیەیە، کە دوای وەرگرتنی زمانی یەکەم/دایک ڕودەدات، هەر لەبەر ئەمەشە پێی دەگوترێت زمانی دوەم، چونکە یەکەم زمان نییە، کە تاک فێریدەبێت، بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوەکان بۆ ئەوەی تاک بەسەرکەوتویی فێری زمانی دوەم ببێت، پێویستە سەرەتا زمانی یەکەمی بە تەواوەتی وەرگرتبێت، چونکە کامڵبونی زمانی دایک وادەکات تاک زوتر و دروستتر فێری زمانی دوەم ببێت. حسێن(٢٠٢١)،Tembe & Norton (2008) .

لەم بارەیەوە "یگۆتسکی لە کتێبی بیرکردنەوە و قسەکردن (١٩٨٧)دا یەکێک لە ڕونترین ئارگیومێنتەکانی بۆ فێرکردنی دو زمان پێشکەشکردوە. بە تایبەتی ئاماژەی بەوەداوە، کە بنەمای فێربونی زمانی دوەم لە زانینی زمانی یەکەم دەبێت. جگە لەوەش، ئەو پێیوایە لایەنە واتاییەکانی وشەیەک پێش ناوی ڕاستەقینەی وشەکە بەدەست هاتوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە فێربونی زمانی دوەم لە کۆتاییدا پەیوەستە بە سیستەمی پەرەسەندوی واتایی لە زمانی یەکەمەوە. مرۆڤ سەرەتا بە پشت بەستن بە زمانی یەکەمی خۆی لە ڕوی چەمکییەوە فێر دەبێت دواتر شارەزا دەبێت لە ناوی ڕاستەقینەی وشەکە

لە زمانی دووەمی"(Eun & Soon LimM,2009:18) واتە تاک بنەماکانی فێربونی زمانی دووەمی لەسەر کۆزانیاری زمانی یەکەمی هەڵدەچنێت. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر فێربون و فێرکردنی زمانی دووەم لە سیستەمی پەروەردا [٢].

لەبارەی قوتابخانە و خوێندنی جوتزمان(شیلان عومەر) دەڵێت: "خوێندنی جوتزمانی بابەتێکی نوێیە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، ئەم بابەتە لە زانستی زماندا بە یەکێک لە بنەماکانی داخورانی زمانی دایک پەسەندکراوە، لەبەر ئەوەی زمانی دایک لەو قوتابخانانەی جوتزمانن ئاسایی بەرەو لەناوچون دەچێت، یاخود وەک زمانی دووەم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش خۆی کێشە و کرۆکی بابەتەکەیە"(حسێن،٢٠٢١: ٢٥٩)، واتە قوتابخانە و پێڕەوی پرۆگرامەکانی خوێندن یەکێکن لەو فاکتەرە سەرەکیانەی، کە تاک دەتوانێت بە شێوازێکی سەرکەتو پرۆسەی خوێندن و فێربونی زمانی دووەمی تێدا بەدەست بێنێت، بەڵام نابێت خوێندنی ئەم زمانە بە هەڕەمەکی بێت، بەڵکو دەبێت میکانیزمێک هەبێت بۆ بەڕێوەچونی پرۆسەکە بۆ ئەوەی زمانی دایک نەکەوێتە ژێر ڕکێفی زمانی دووەم و وەک زمانی دووەم مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لە نێو ژینگەی زمانی خۆیدا. لەم ڕوانگەیەشەوە (شیلان عومەر) (چەند مەرجێکی خستۆتەڕو بۆ خوێندنی جوتزمانی، لەوانە:

"١. تەمەن (هاوکاتی زمانپژان، پێشوەختە، درەنگ لەکاتی خۆی)، لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە، کە نابێت پێش تەمەنی (١٠) ساڵی منداڵ پێڕەوی زمانەکەی بشێوێنرێت، بە خوێندنی پێڕەوێ زمانی دووەم.

٢. کات (ڕۆژانە چەند کات دیاریکراوە بۆ ئەو زمانە بخوێندرێت)، ئەگەر دوای تەمەنی (١٠) ساڵیش، زمانی دووەم لە کردەی پەروەردە و فێرکردندا پیادەکرا، دەبێت کاتی دیاریکراوی بۆ دابنرێت و هەڕەمەکی نەبێت، بە پلان بێت و لە چ کاتێکی دەوامدا بێت، دەستنیشانبکرێت.

٣. ئاستەکانی پەروەردە و فێرکردن، بەهیچ جۆرێک نابێت لە باخچەی ساوایان و بازنەی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتی (١،٢،٣) جوتزمانی پیادەبکرێت.

٤.سەرنجڕاکێشان و هاندان و بەکارهێنانی زمانی دووەم.

٥. دوبارەکردنەوە بڕ و چۆنیەتی و بەرجەستەکردنی زمانی دووەم و وەلانانی زمانی دایک.

٦. پەیوەندی زمانی دووەم لەگەڵ زمانی یەکەمدا و لەکاردابونیان" (حسێن،٢٠٢١: ٢٥٣).

هەریەکە لەم مەرجانەی (شیلان عومەر) خستویەتەڕو بۆ ئەوەیە، هەر دو زمانەکە پێکەوە لە پێڕەوە جوتزمانییەکە کارابن و ژینگەیەکی جوتزمانی هاوسەنگ دروست ببێت، پەرە بە زمانی ئینگلیزی بدرێت لەسەر بنەماکانی زمانی دایک.

توێژەر لەسەر بنەمای مەرجەکانی خوێندنی جوتزمانی، لەکاتی کۆکردنەوەی داتا چەندایەتی ئەو مەرجانە لەبەرچاو دەگرێت، تاوەکو ئەوە دیاری بکات بزانێت ئەم مەرجانە تا چەند جێبەجێکراون لە قوتابخانە خوێندن ئینگلیزییەکان و جێبەجێنەکردنیان تا چەند کاریگەری هەبوە لەسەر داخورانی زمانی دایک.

## ٣,١ داخورانی زمانیی:

ئەم تەوەرەیە پێداچونەوە دەکات بەسەر ئەو لێکۆڵینەوە پراکتیکییانەی، کە لەژێر ناونیشانی داخورانی زمانی و لەدەستدانی زمانی ئەنجامدراون. زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئەم پرۆسانە ئەنجامدراون زیاتر داخورانی زمانی بەوە وەسف دەکەن، کە بریتییە لە قۆناغی پێش لەدەستدانی زمان، واتە داخوران لەپڕ ڕونادات، بەڵکو پێویستی بە کاتە تا کاریگەرییەکانی لەسەر زمانێک بەدەردەکەوێت. بۆیە ئەگەر ڕێگری لە بەرەو پێش چونی پرۆسەکە نەکرێت، ئەوا

پرۆسەی داخوران بەردەوام دەبێت، تاوەکو هەمو ئاستەکانی زمانەکە دەگرێتەوە و بەرەو لەدەستدانی زمانی دەچێت. ئەمەش لەناو ژینگەی زمانی جوتزمانەکان و فرەزمانەکان ڕودەدات، واتە هۆکاری سەرەکی داخورانی زمان هەبونی زمانی جیاوازە لەناو ئەو ژینگەیەی، کە منداڵ یان گەورەکان تێدا گەورەدەبن و بەرکەوتنیان لەگەڵی دەبێت.

پێویستە ئاماژە بەمەش بکرێت، لە تەواوی ئەو توێژینەوانەی، کە توێژەر دەستی پێگەیشتوە هەمیشە هەردو پرۆسەکە بەیەکەوە باس دەکرێن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە داخورانی زمان قۆناغی پێش لەدەستدانی زمانە، واتە ڕاستە هەمیشە هەردو پرۆسەکە بەیەکەوە باس دەکرێن، بەڵام جیاوازییەکی ورد لە نێوانیاندا هەیە، چونکە لەدەستدانی زمان ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی زمانێک بەتەواوەتی. ئەمەش کاتێک ڕودەدات، کە زمانێک چیتر لەلایەن کەسێکەوە قسەی پێناکرێت، یان لە ڕێگەی جێگرتنەوەی زمانێک بە زمانێکی دیکە، یاخود بەهۆی بەساڵاچون یان نەخۆشی ئافازیا ڕودەدات.

هەرچی داخورانی زمانە ئاماژەیە بۆ کەمبونەوەی وردە وردەی بەکارهێنان و لێهاتویی زمانێک. ئەمەش کاتێک ڕودەدات، کە کەسێک یان کۆمەڵێک واز لە بەکارهێنانی زمانی دایکیان بهێنێن لە گشت بوارەکانی ژیاندا یان کاتێک زمانی کەمینە لە کۆمەڵگەیەکدا بەکارنەهێنرێت، وەک کەسانی کۆچبەر ناچارن واز لە زمانی زگماکی خۆیان بهێنن و زمانی کۆمەڵگای زاڵ بەکاربهێنن. واتە لەدەستدانی زمان کۆتا قۆناغی داخورانی زمانە. ئەمەش کاتێک ڕودەدات، کە داخورانە زمانەکە لە تاکدا ڕێژەکەی زۆر بەرزببێتەوە و بگاتە کۆتا قۆناغی بەمەش زمانەکە بەتەواوەتی لەدەست دەچێت.

لەدەستدانی زمانی مەرج نییە تەنها لە ژینگەی زمانی دوەمدا ڕوبدات زۆرجار لەناو ژینگەی زمانی یەکەمیشدا ڕودەدات بە هۆی بەساڵاچون یان نەخۆشی ئەفازیا، بەڵام داخوران تەنها بەهۆی دروستبونی ژینگەی جوتزمانی یان فرە زمانی ڕودەدات لەم ڕوانگەیەوە (کۆپکی و شمید) بەم شێوەیە داخوران دەناسێنن "ئەم زاراوایە بە مانای کەمبونەوەی توانای لێهاتوی زمانێک دێت بەبێ نەخۆشی/Non Pathological، کە پێشتر لەلایەن تاکەوە بەدەست هاتوە" (Köpke, B. & Schmid, 2004: 5). هەروەها ( Gurel (2002 پێیوایە "لەدەستدانی زمانی یەکەم بە شێوەیەکی سروشتی بەبێ نەخۆشی وەک دەرەنجامێک بۆ بەدەستهێنانی زمانێکی تر دەبینرێت"، بەڵام سەرباری جیاوازی نێوانیان هەمیشە بەیەکەوە ناویان دێت، چونکە داخوران بەشێکە لە لەدەستدانی زمانیی، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر لەسەر زاراوەی لەدەستدانی زمان و داخورانی زمان خشتەی ژمارە (٣) کە لەلایەن (Shmid,2011:3)دانراوە، پێشتر لەلایەن (ڤان ئێلس) پۆلێنکراوە، هەروەها لەلایەن (Köpke, B. & Schmid, 2004:7) خراوەتەڕو.

| لەدەستدانی زمان | |
|---|---|
| ١.لەلایەن کۆمەڵگاوە | ٢. لەلایان تاکەکانەوە |
| • گۆڕانی زمان | • نەخۆشی / ئەفازیا |
| • مردنی زمان | • قسەکەری تەندروست / داخورانی زمان |

خشتەی ژمارە (٣)(Shmid,2011:3)

لە خشتەی ژمارە (٣) ئەوە ڕون دەبێتەوە، کە داخورانی زمان جۆرێکە لە لەدەستدانی زمان، بەڵام ڕودانی پرۆسەکانیان لەیەکتر جیاوازە، کە لە دەستدانی زمان لە پڕ ڕودەدات، بەڵام داخوران کاریگەرییەکەی وردە وردە دەردەکەوێت. لەهەمانکاتدا لەلایەن نەوەکانی ئەو زمانە ڕودەدات، کە لە ژینگەی زمانی یەکەمدا دەژین، بەبێ هۆکاری نەخۆشی. لە هەمانکاتدا ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە، کە ئەو لەدەستدانە زمانییەی لە ژینگەی زمانی یەکەم ڕودەدات جیاوازە لەوەی،

کە لەژینگەی جوتزمانیدا ڕودەدات، چونکە لە دەستدان لە کۆمەڵگەی جوتزمانە سروشتیە، کە حالەتی وەکو (گۆڕانی زمانی یاخود مردنی زمانی) لێدەکەوێتەوە، ئەم دو پرۆسەیە تەواو جیاوازن لە داخورانی زمانی یەکەم، لەناو ژینگەی زمانی دوەم یان لە ژینگەی دروستکراوی زمانی یەکەمدا لەلایەن قسەکەرێکی تەندروستەوە ڕودەدات. هەر لەم توێژینەوەیدا، کە لە ژێر ناونیشانی داخورانی زمانی ئەنجامیداوە شمید دەڵێت: "زاراوەی داخورانی زمان ئاماژەیە بۆ لەبیرچونەوەی زمانێک بە شێوەی (تەواو یان ڕێژەیی) لەلایەن قسەکەرێکی تەندروستەوە" (Shmid,2011:3)، واتە پێویستە داخورانی زمان جیابکرێتەوە لە لەدەستدانی زمان، کە بەهۆی نەخۆشی لاوازی دەماریی/ ئەفازیا ڕودەدات، چونکە لە پێناسەکەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئەم جۆرە داخورانە لە قسەکەرێکی تەندروست ڕودەدات نەک نەخۆش. واتە ئەو تاکە تەندروستانەی بە ئەزمونی داخورانی زمانی یەکەمدا تێدەپەڕن، ئەوانەن، کە توشی گۆڕانکاری لە تەواوی یان بەشێک لە لێهاتوی زمانی یەکەم دەبن، بەهۆی بەردەوام بەکارهێنانی زمانی دوەم و پاراوبونیان بەم زمانە. ناشکرێت ئەم پرۆسە زمانییە وەک لایەنێکی ئەرێنی سەیر بکرێت، چونکە گۆڕانکاری لە تواناکانی زمانی یەکەمە، کە دەبێتە هۆی پتەوکردن و دەوڵەمەندکردنی زمانی دوەم.

## ٤،١ بنەماکانی داخورانی زمانی دایک:

بێگومان چەند هۆکارێکی ناوەوە و دەرەوەی زمان هەیە بەشداری لە داخورانی زمانی دایک/ یەکەم دەکەن، لەوانە بەکارهێنان و گەشەسەندی زمانی دوەم لە پاڵ زمانی یەکەم، لە هەمان کاتدا کەمبونەوەی بەکارهێنانی زمانی یەکەم و گەشەنەسەندی، بۆیە پێویستە ئەو بنەما زمانی و نازمانییانە دیاری بکرێن، کە ڕۆڵیان هەیە لە داخوراندا، لەبەرئەوەی داخورانی زمانی بابەتێکی زۆر نوێیە لەنێو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا پێویستە ئەم بنەمایانە دیاری بکرێن.

### ١،٤،١ بنەمای زمانیی/لایەنەکانی ناوەوەی زمان/ئاستەکانی زمان/Linguistic levels

### ٢،٤،١ بنەمای نازمانیی/ لایەنەکانی دەرەوەی زمان/ Extralinguistic aspects

بنەمای نازمانی یەکێکە لەو بنەمایانەی، کە ناتوانرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی توێژینەوە لەسەر داخورانی زمانی ئەنجامبدرێت، چونکە کۆمەڵێک بنەمای نازمانی هەن ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە دەستنیشانکردنی چۆنیەتی داخورانی زمانی دایک، واتە لە ڕوانگەی گۆڕاوەکانی دەرەوەی زمان ئەوە ڕون دەبێتەوە، کە بۆچی ئەو زمانە توشی داخوران دەبێت، کە بە بۆچونی (kopke & shmid(2004پەروەردە یەکێکە لە بنەماکانی دەرەوەی زمان، بۆیە توێژەریش بەهۆی قەبارەی توێژنەوەکە لەم توێژنەوەیەدا تەنها گۆڕاوی قوتابخانە وەردەگرێت.

### ١. ١،٤،١ پەروەردە

لێرەدا قوتابخانە ئەو شوێنەیە، کە منداڵەکان ناتوانن زمانی دایکی خۆیان وەک پێویست بەکاربهێنن، بەهۆی ئەو ژینگەیەی بۆیان دروستکراوە. لە ڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ مامۆستا و هاوپۆلەکانی و ئەو بابەتە زانستییانەی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لە قوتابخانە بۆیان تەرخانکراوە، بە شێوەیەکە زمانی دوەم/ئینگلیزی دەبێتە زمانی گۆمەڵگای زاڵ و شوێنی زمانی دایک دەگرێتەوە. بۆیە لێکۆڵینەوە لە داخورانی زمان لە ئاستی پەروەردەدا زۆر گرنگە، بەڵام ئەمە نەک بۆ ئێمە، بەڵکو لە توێژینەوەکانی ئەوروپا و ئەمەریکاش کەمترین توێژینەوە لەسەر داخورانی زمانی دایک لە قوتابخانە کراوە. لەم بارەیەوە( kopke & shmid,2004:9) دەڵێن:" ئاستی پەروەردە – لایەنێک کە تا ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر پشتگوێ

خراوە، لەوانەیە بەشێکیش لەبەر ئەوە بێت زۆر ئەستەمە بە شێوەیەکی جیاواز لە چوارچێوەی فرەزمانی و فرە کەلتورییدا پێناسـە بکرێت. کێشـەیەکی دیکەی میتۆدۆلۆژی، کە پەیوەندی بەم هۆکارەوە هەیە ئەوەیە، کە چۆن دیاری بکرێت کە ئایا لە ڕاستیدا ئاستی خوێندن کاریگەری لەسەر داخورانی زمان یان ئەدای زمانەوانی بە گشتی هەیە. لە حالەتی یەکەمدا، کاریگەری پەروەردە دەبێت تەنیا لە گروپی داخوراودا هەبێت، لە حالەتی دوەمدا ئایا کاریگەری هاوشـێوە لە گروپی کۆنترۆڵدا بەدی دەکرێن ئەو گروپانەی کە زیاتر خوێندویانە و باشتر ئامادەکراون بۆ چارەسەرکردنی ئەرکە تایبەتەکان".
ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ڕەشنوسی جارنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە مافی گەلانی ڕەسەن، کە دوای سـاڵانێک لە ئامادەکاری گەیشـتوەتە کۆبونەوەی گشـتی، ڕایدەگەیەنێت (لە ماددەی ١٥) تەنیا ئەوە نییە، کە گەلانی ڕەسەن مافی فێربونی زمانی دایکیان هەیە، بەڵکو ڕایدەگەیەنێت، کە ئەوان ' مافی دامەزراندنی و کۆنترۆڵکردنی سیستەمی پەروەردەیی خۆیان و دامەزراوەکانیان هەیە، کە پەروەردە بە زمانەکانی خۆیان پێشکەش دەکەن، بە شێوەیەک کە لەگەڵ شـێوازە کەلتورییەکانی فێرکردن و فێربونیان بگونجێت دەوڵەتان دەبێت ڕێوشـوێنی کاریگەر بگرنەبەر بۆ ئەم مەبەسـتانە. واتە بە پێی ڕەشـنوسی جارنامەی گەلانیش هەر نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە منداڵەکانی بە زمانی خۆیان و کلتۆری خۆیان پەروەردە بکەن.

## ١,٢ شیکردنەوەی داتاکان و شرۆڤەکردنیان

## ١. ١,٢ ئامانجی یەکەم

ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبو لە زانینی ڕێژەی گشـتی گۆڕاوی سـەربەخۆی قوتابخانە، کە تا چەند بوەتەهۆی داخورانی زمانی دایک/کوردی لای قوتابیانی نمونەی توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەسـتەش یاسـای شـیکاری ئاماریی (Regression) بەکارهێنرا، ئەم یاسـایەش بۆ زانینی پەیوەندی و کاریگەری گۆڕاوێک لەسـەر گۆڕاوێکی تر بەکاردەهێندرێت.(coolican,2017:520) لەم توێژینەوەیەدا یاسـای (Regression) بۆ زانینی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆی قوتابخانە لەسەر داخورانی زمانی دایک بەکارهێنراوە.
بۆ زانینی سروشـتی پەیوەندی نێوان گۆڕاوی سـەربەخۆی قوتابخانە بە داخورانی زمانی دایک (Regression)ئەوەی دەرخسـت کە (R= ٠,٤٤٦)ە، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە قوتابخانە بە ڕێژەی لە (٤٤,٦٪)کاریگەری لەسـەر داخورانی زمانی دایک هەیە. لەهەمانکاتتدا بەهای (F=٢٦٥,٣٠٠، p=٠,٠٠٠<٠,٠٥) ، کەواتە قوتابخانە کاریگەری بەڵگەداری ئاماری لەسـەر داخورانی زمان هەیە، هەروەها پەیوەندی هەبوە لە نێوان گۆڕاوی قوتابخانە و داخورانی زمان(B=٠,٦٦٨، T=١٦,٢٨٨، P= ٠,٠٠٠)، ئەم پەیوەندیە بەڵگەداری ئاماری هەیە هەبوە و قوتابخانە بە ڕێژەی (٠,٦٦٨٪)زیاتر لە هۆکارەکانی تر کاریگەری هەیە لەسەر داخورانی زمانی دایک.

| مۆدل | | ANOVA | | Coefficient | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | R square | بەهای (F) | sig. | Standardized Coefficients | T | sig |
| قوتابخانە و داخورانی زمانی | ٠,٤٤٦ | ٢٦٥,٣٠٠ | ٠,٠٠٠ | ٠,٦٦٨ | ١٦,٢٨٨ | ٠,٠٠٠ |

خشتەی (٤) Regression لە نێوان قوتابخانە و داخورانی زمان

## ٢. ١,٢ ئامانجی دووەم

ئامانجی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبو لە زانینی ئاستی جیاوازی نێوان هەرسێ قوتابخانەی (معارفی نێودەوڵەتی و سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس، سۆرانی نمونەیی) لەسەر داخورانی زمانی دایک، واتە توێژەر دەیەوێت ئەوە دیاری بکات کامە قوتابخانە لەم سێ قوتابخانەیە زۆرترین ڕێژەی داخورانی زمانی هەیە و کامەی کەمترین داخورانی هەیە. بۆ خستنەڕوی ئەم زانیاریانەش سود لە هاوکێشەی ئاماری شیکاری جیاوازی(One Way ANOVA) وەرگیراوە، چونکە لە ڕێگەی ئەم یاسا ئامارییە دەتوانرێت جیاوازی ئاماری لە نێوان سێ گۆڕاوی سەربەخۆ یان زیاتر بدۆزرێتەوە. ئەویش بە پشت بەستن بە ئاستی گوزارشتی (0.05)، بە شێوەیەک ئەگەر بەهای (P<0.05) بچوکتربو لە (0.05) ئەوا بەڵگەداری ئاماری هەیە(McDonald, 2009:123).

بۆ زانینی جیاوازی داخورانی زمانی دایک بە پێی گۆڕاوی سەربەخۆی قوتابخانە لە نێوان هەرسێ قوتابخانەکەدا، هاوکێشەی (One Way ANOVA) بەکارهات، لە ئەنجامدا هەروەک لە خشتەی ژمارە (٥) پیشاندەدرێت، دەردەکەوێت، جیاوازی داخورانی زمانی لە نێوان هەرسێ قوتابخانەکەدا هەیە.

| ANOVA | | | Descriptive | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی گوزارشتی ٠,٠٥ | Sig. | بەهای F | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | قەبارەی نمونەی | بواری زانستی | |
| بەڵگەداری ئاماری هەیە | ٠٠٠.٠ | ١٥٥.١٢٩ | ٥٦.٠ | ١,٥٦ | ٩٢ | قوتابخانەی سۆرانی نمونەیی | تەوەری یەکەم |
| | | | ٥٧.٠ | ٢,٣٢ | ١٤٤ | قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس | |
| | | | ٦٩.٠ | ٢,٩٩ | ٩٥ | قوتابخانەی معارفی نێودەوڵەتی | |
| | | | ٨١.٠ | ٢,٣٠ | ٣٣١ | گشتی | |
| بەڵگەداری ئاماری هەیە | ٠٠٠.٠ | ٨٣٩.١٢٧ | ٥٦.٠ | ٥٦.١ | ٩٢ | قوتابخانەی سۆرانی نمونەیی | تەوەری دووەم |
| | | | ٥٧.٠ | ٣٤.٢ | ١٤٤ | قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس | |
| | | | ٦٢.٠ | ٩٢.٢ | ٩٥ | قوتابخانەی معارفی نێودەوڵەتی | |
| | | | ٧٨.٠ | ٢٩.٢ | ٣٣١ | گشتی | |
| بەڵگەداری ئاماری هەیە | ٠٠٠.٠ | ٠٢٥.٦٨ | ٢١.١ | ٨٣.٢ | ٩٢ | قوتابخانەی سۆرانی نمونەیی | تەوەری سێیەم |
| | | | ٨٥.٠ | ١١.٤ | ١٤٤ | قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس | |
| | | | ٨٦.٠ | ٣٣.٤ | ٩٥ | قوتابخانەی معارفی نێودەوڵەتی | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | گشتی | ٣٣١ | ٨٢.٣ | ١٤.١ | | | |
| تەوەری چوارەم | قوتابخانەی سۆرانی نمونەیی | ٩٢ | ٠٧.٢ | ٨٥.٠ | ٤٩٦.٥٧ | ٠٠٠.٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |
| | قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس | ١٤٤ | ٨٨.٢ | ٩٣.٠ | | | |
| | قوتابخانەی معارفی نێودەوڵەتی | ٩٥ | ٤٥.٣ | ٨٤.٠ | | | |
| | گشتی | ٣٣١ | ٨٢.٢ | ٠٢.١ | | | |

خشتەی (٥) زانینی جیاوازی داخورانی زمانی دایک بە پێی گۆڕاوی سەربەخۆی قوتابخانە لە نێوان هەریەکە لە قوتابخانەکانی (معارفی نێودەوڵەتی، سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس، سۆرانی نمونەیی)

کە لە تەوەری یەکەمدا سۆرانی نمونەیی قەبارەی نمونەی (٩٢) بەشداربوە بە ناوەندەژمێرەیی (١,٥٦٣٩)، بە لادانی پێوەری (٠,٥٥٦٤٠)، سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس قەبارەی توێژینەوەی(١٤٤) بەشداربوە، بە ناوەندەژمێرەیی (٢,٣٢٣٨)، بەلادانی پێوەری (٠,٥٧٤٧١)، معارفی نێودەوڵەتی بە قەبارەی نمونەی (٩٥)بەشداربو، بە ناوەندەژمێرەیی (٢٠٩٨٨٢)، بەلادانی پێوەری (٠,٦٩٢٨٨) دوای جێبەجێکردنی جیاوازی (ANOVA)، دەرکەوت بەهای (F=١٢٩,١٥٥، P= ٠,٠٠٠)، لەبەرئەوەی بەهای (P=٠,٠٠٠) بچوکترە لە (٠,٠٥)، کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، لەبەرئەوەی ناوەندەژمێرەیی بەشداربوانی معارفی نێودەوڵەتی بەرزترە لە ناوەندەژمێرەیی بەشداربوانی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس و سۆرانی نمونەیی، لەئەنجامدا ئەوە بەدیاردەکەوێت بەشداربوانی معارفی نێودەوڵەتی زۆرترین ڕێژەی داخورانی زمانی دایکیان هەیە، بەشداربوانی سۆرانی نمونەییش کەمترین داخورانی زمانی دایکیان هەیە، واتە بەشداربوانی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیسیش توشی داخورانی زمانی بوینەوە، بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر لە بەشداربوانی معارفی نێودەوڵەتی.

سەبارەت بە زانینی جیاوازی داخورانی زمانی دایک بە پێی گۆڕاوی سەربەخۆی قوتابخانە لە تەوەرەی دوەمدا دەرکەوت، سۆرانی نمونەیی قەبارەی نمونەی(٩٢) بەشداربوە بە ناوەندەژمێرەیی(١,٥٥٧١)، لادانی پێوەری (٠,٥٦٢٥١)، سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس قەبارەی توێژینەوەی (١٤٤) بەشداربوە، بە ناوەندەژمێرەیی (٢,٣٤٢٩)، بەلادانی پێوەری (٠,٥٧٠٠٠)، معارفی نێودەوڵەتی بە قەبارەی نمونەی (٩٥)بەشداربو، بە ناوەندەژمێرەیی(٢,٩١٥٨)، بەلادانی پێوەری (٠,٦٢٢١٩) دوای جێبەجێکردنی جیاوازی (ANOVA)، دەرکەوت بەهای (F=١٢٧,٨٣٩ ، P= ٠,٠٠٠)، لەبەر ئەوەی بەهای (P=٠,٠٠٠) بچوکترە لە (٠,٠٥)، کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، لەبەرئەوەی ناوەندەژمێرەیی بەشداربوانی معارفی نێودەوڵەتی بەرزترە لە ناوەندەژمێرەیی بەشداربوانی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس و سۆرانی نمونەیی، کەواتە بەشداربوانی معارفی نێودەوڵەتی زۆرترین ڕێژەی داخورانی زمانی دایکیان هەیە، بەشداربوانی سۆرانی نمونەییش کەمترین داخورانی زمانی دایکیان هەیە، کە خوێندن تێدا بە زمانی دایک/کوردییە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کە بەشداربوانی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیسیش توشی داخورانی زمانی بونەتەوە، بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر لە بەشداربوانی معارفی نێودەوڵەتی.

لەهەمان کاتتدا سەبارەت بە زانینی جیاوازی داخورانی زمانی دایک بە پێی گۆڕاوی سەربەخۆی قوتابخانە لە تەوەرەی سێیەمدا دەرکەوت، سۆرانی نمونەیی قەبارەی نمونەی(٩٢) بەشداربوە بە ناوەندەژمێرەیی(٢,٨٣٣٣)، لادانی پێوەری (١,٢٠٥٩١)، سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس قەبارەی توێژینەوەی(١٤٤) بەشداربوە، بە ناوەندەژمێرەیی (٤,١٠٨٨)،

بەلادانی پێوەری (٠,٨٤٨٩٩)، معارفی نێودەوڵەتی بە قەبارەی نمونەی (٩٥)بەشـــداربو، بە ناوەندەژمێرەیی (٤,٣٢٩٨)، بەلادانی پێوەری (٠,٨٥٦٧٦)دوای جێبەجێکردنی جیاوازی (ANOVA)، دەرکەوت بەهای (F=٩٨,٠٢٥ ، P= ٠,٠٠٠)، لەبەر ئەوەی بەهای (P=٠,٠٠٠) بچوکترە لە (٠,٠٥)، کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، لەبەرئەوەی ناوەندەژمێرەیی بەشداربوانی معارفی نێودەوڵەتی بەرزترە لە ناوەندەژمێرەیی بەشداربوانی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس و سۆرانی نمونەیی ، کەواتە بەشـداربوانی معارفی نێودەوڵەتی زۆرترین ڕێژەی داخورانی زمانی دایکیان هەیە، بەشـداربوانی سـۆرانی نمونەییش کەمترین داخورانی زمانی دایکیان هەیە، کە خوێندن تێدا بە زمانی دایک/کوردییە، بەڵام پێویسـتە ئاماژە بەوەش بکرێت، کە بەشـــداربوانی ســـۆرانی نێودەوڵەتی ســـابیســـیش توشی داخورانی زمانی دایک بونەتەوە، بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر لە بەشداربوانی معارفی نێودەوڵەتی.

بۆ زانینی جیاوازی داخورانی زمانی دایک بە پێی گۆڕاوی سەربەخۆی قوتابخانە لە تەوەرەی چوارەمدا دەرکەوت، سۆرانی نمونەیی قەبارەی نمونەی(٩٢) بەشـــداربوە بە نـاوەنـدەژمێرەیی (٢,٠٧٤٣)، لادانی پێوەری (٠,٨٥٤٦٢)، ســـۆرانی نێودەوڵەتی ســـابیس قەبارەی توێژینەوەی (١٤٤) بەشـــداربوە، بە نـاوەنـدەژمێرەیی (٢,٨٧٨٥)، بەلادانی پێوەری (٠,٩٣١٠٤)، معارفی نێودەوڵەتی بە قەبارەی نمونەی (٩٥)بەشـــداربو، بە ناوەندەژمێرەیی(٣,٤٥٤٤)، بەلادانی پێوەری (٠,٨٣٧٧٣)دوای جێبەجێکردنی جیاوازی (ANOVA)، دەرکەوت بەهای (F=٥٧,٤٩٦ ، P= ٠,٠٠٠)، لەبەر ئەوەی بەهای (P=٠,٠٠٠) بچوکترە لە (٠,٠٥)، کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، لەبەرئەوەی ناوەندەژمێرەیی بەشـــداربوانی معارفی نێودەوڵەتی بەرزترە لە ناوەندەژمێرەیی بەشـــداربوانی ســـۆرانی نێودەوڵەتی ســـابیس و ســـۆرانی نمونەیی، کەواتە بەشـداربوانی معارفی نێودەوڵەتی زۆرترین ڕێژەی داخورانی زمانی دایکیان هەیە، بەشـداربوانی سۆرانی نمونەییش کەمترین داخورانی زمانی دایکیان هەیە، کە خوێندن تێدا بە زمانی دایک/کوردییە، بەڵام پێویســـتە ئاماژە بەوەش بکرێت، کە بەشـــداربوانی ســـۆرانی نێودەوڵەتی ســـابیســـیش توشی داخورانی زمانی دایک بونەتەوە، بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر لە بەشداربوانی معارفی نێودەوڵەتی.

دوای شـیکردنەوەی هەر چوار تەوەر بە پێی گۆڕاوی قوتابخانە بۆ دەرخسـتنی جیاوازی داخورانی زمانی دایک لە نێوان هەرسێ قوتابخانەی بەشـدار، ئەوە بەدیارکەوت بەشـداربوانی قوتابخانەی معارفی نێودەوڵەتی زۆرترین ڕێژەی داخورانی زمانی دایکی تێداڕویداوە، بە پلەی دوەم لەنێوان بەشـــداربوانی ســـۆرانی نێودەوڵەتی ســـابیس بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر، لەهەمان کاتتدا کەمترین داخوران لە سۆرانی نمونەیی ڕویداوە.

## ئەنجامی توێژینەوەکە:

١.لەلایەن نمونەی توێژنەوە، قوتـابخـانە وەکو بنەمـایەکی نـازمـانی بەڕێژەی٤٤,٦٪ هۆکـارە بۆ داخورانی زمـانی دایک/کوردی، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرز و کاریگەرە.

٢.قوتابخانە جوتزمانەکان لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە، ژینگەیەکی جوتزمانی هاوسەنگ بۆ قوتابیەکانیان دروست بکەن، بەڵکو زمانی دوەم/ ئینگلیزی، کە زمانی زاڵی ئەم قوتابخانانەیە شوێنی زمانی دایکی گرتۆتەوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەم قوتابخانانە قوتابی گشـــت بابەتە زانســـتیەکان بە زمانی بێگانە دەخوێنێت، لەبەرامبەردا وەک بابەتی لاوەکی سەیری وانەی کوردی دەکرێت و کەمترین بەشە وانەی بۆ تەرخانکراوە.

٣. جیاوازیەكی زۆر هەیە لە داخورانی زمانی لە نێوان قوتابیانی گروپی تاقیكراو، كە بەشداربوانی هەریەكە لە قوتابخانەكانی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی دەگرێتەوە لەگەڵ قوتابیانی گروپی كۆنترۆڵ، كە بەشـــداربوانی خوێندن بە زمانی كوردی دەگرێتەوە، چونكە قوتابیانی گروپی تاقیكراو لەئاستێكی بەرزی داخورانی زمانی دایك دابون، لەبەرامبەردا قوتابیانی گروپی كۆنترۆڵ، كەمترین داخورانی زمانی دایك لەلای ئەوان تۆماركراوە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەمەش بكرێت ڕاستە قوتابیانی هەردو گروپی تاقیكراو توشی داخورانی زمانی ببون، بەڵام جیاوازی هەیە لە داخورانی زمانی لە نێوان هەریەكە لە قوتابیانی گروپی تاقیكراوی هەردو قوتابخانەكە، كە خوێندن تێدا بە زمانی ئینگلیزییە، چونكە قوتابیانی معارفی نێودەوڵەتی بەڕێژەیەكی زیاتر توشی داخورانی زمانی ببون بە بەراورد بە قوتابیانی سـۆرانی نێودەوڵەتی ســابیس،هۆكارەكەیشی_ بۆ ئەو ژینگە زمانیە دەگەڕێتەوە، كە لەدەرەوەی قوتابخانە تێیدا دەژین.

٤. بەكارهێنانی زمانی دوەم وەك زمانی پەروەردەیی لەڕوی چەندایەتی و چۆنیەتییەوە، دەبێتە هۆی داخورانی زمانی دایك.

**پێشـــنیاز:** دوای ئەوەی توێژەر بە بەڵگەی زانســـتی ئەوەی یەكلا كردوە، كە قوتابخانە بە ڕێژەیەكی زۆر بەرز دەتوانێت كاریگەر بێت لەســـەر زیندو هێشـــتنەوەی زمانێك یان داخورانی لەلایەن نەوەكانی ئەم زمانە، توێژەر پێشـــنیار دەكات وەزارەتی پەروەردە گرنگی زیاتر بدات بە زمانی كوردی بەتایبەت لە قوتابخانانەی، كە خوێندن تێدا بە زمانی دوەم/ بێگانەیە، بۆ ئەوەی زمانی دایك/ كوردی لەپاڵ ئەو زمانە گەشـە بكات، كە زمانی سـەرەكی خوێندن نیە لە قوتابخانەكان، بۆ ئەوەی زمانی كوردی لە هزری قوتابیان نەكەوێتە ژێر ڕكێفی زمانی دوەم/ بێگانە و جێگەی زمانی دایك/ كوردی نەگرێتەوە. بۆیە پێوسـتە وەزارەتی پەروەردە زۆر بەرپرسـارنە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسـە هەسـتیارە بكات، لەهەمان كاتتدا زۆر بەوردی چاودێری گشت ئەو قوتابخانانە بكات، كە زمانی سەرەكی زمانی دایك/ كوردی نییە

## سەرچاوەكان


حســن، ئاشــتی ئەحمەد.(٢٠٢٢). *ئارێشــەكانی پەروەردەی جوتزمانی لە پرۆســەی فێركردندا بازنەی یەكەمی خوێندن وەك نمونە*، نامەی ماستەر، زانكۆی گەرمیان.

حسێن، شیلان عومەر.(٢٠٢١). *زانستی زمانی كارەكی*. چاپی یەكەم، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

بەكر، شـیلان عوسـمان عبدالرحمان .(٢٠١٧). جوتزمانی و كاریگەری زمانی دوەم لەســەر زمانی دایك(بە نمونەی زمانی دەرچوانی قۆناغی (بنەڕەتی/ ئامادەیی) زمانی كوردی زمانی (دایك) و (زمانی دوەم(ئینگلیزی)، *مجلة الاستاز عدد خاص بلغة الكردية للمؤتمر العلمي الخامس*.

عەبدولوەهاب، عەدنان عبدولا.(٢٠١٥). *وەرگرتنی زمان لای منداڵ*، نامەی ماستە، فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی.

قادر، كاروان عومەر.(٢٠١٤). *دركپێكردنی زمانی ستاندارد و شیانی فێربونی زمانی دوەم*، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی ژمارە ٤٥.

قەرەچەتانی، كەریم شەریف. (٢٠١٨). *پێوان و هەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردە و دەرونزانیدا* . چاپی یەكەم، چاپخانەی زبان سلح تهران.

Al-Jumaily , S. (2015). Parents' *First Language is Their Children's Second Language. Language Loss: Arabic is a Case.* International Journal of English Language Teaching.

Bonett, D. &Wright, T.(2014*). Cronbach's alpha reliability: interval estimation, hypothesis testing, and sample size planning*. Journal of organizational Behavior.36.10.1002/job.1960.

Coolican, H. (2017). *Research methods and statistics in psychology*.Psychology Press

Eun,B & Soon Lim, H.(2009). *A social Tural view of language leaving: the importance of meaning-Based instruction*. TESL CANADA JOURNAL,27(1),13-26.

Fillmore, L. (2000*). Loss of family languages: should educators be concerned? Theory Pract*. Vol.39, 203–210. doi: 10.1207/s15430421tip3904_3

Gurel, A.(2002*).linguistic characteristics of second language Acquisition and first language attrition: Turkish overt versus Null Pronouns*. Phd, Meguill University, Montreal.

Hanani, F.(2009).*impact of English on young Arabs use of Arabic in the UAE*. American University of Sharjah.

Kim, S. (2007).*first language attrition in a second language learning Environment*. phd Auckland: The University of Auckland.

Köpke, B. & Schmid, M. (2004). *Language Attrition: The Next Phase*. In M.S. Schmid, B. Köpke, M. Keijzer & L. Weilemar (2004). First Language Attrition, Amsterdam: John Benjamins.

Lee, J. S. (2002). *The Korean language in America: the role of cultural identity in heritage language learning*. Lang. Cult. Curric. 15, 117–133. doi: 10.1080/07908310208666638

McDonald, J. H. (2009). *Handbook of biological statistics*. Vol. 2, 6-59. Baltimore, MD: sparky house publishing

Moll, L. C., & J. E. Dworin.(1996). *Biliteracy Development in Classrooms: Social Dynamics and Culture Possibilities*. In D. Hicks (ed.), Child Discourse and Social Learning: An Interdisciplinary Perspective. Cambridge: Cambridge University Press (p. 221).

Press.

Sapolsky, B. & Hult, F.(2008).*The Handbook of Educational Linguistics*. 1st ed, Blackwell Publishing Ltd.

Schmid, M. (2002). *First Language Attrition, Use and Maintenance: The case of German Jews in anglophone countries* – John Benjamins B.V, Amsterdam/ Philadelphia.

Schmid, M. (2011). *Language Attrition*. 1st ed, Cambridge University Press, New York.

Tavakol, M. &Dennick, R.(2011).*Making sense of Cronbach's Alpha.i nternational jornal of medical education*.

Tembe, J. & Norton, B.(2008) *Promoting Local Languages in Ugandan Primary Schools: The Community as Stakeholder. The Canadian Modern Language Review*, 65(1), 33-60.

Unesco.(2003).*education in a multilingual world*.the united nations educational, scientific and cultural organization.www.unesco.org/education.

Yağmur, K. (1997). *First language attrition among Turkish speakers in Sydney*. Tilburg: Tilburg Universit

## پەراوێزەكان

1 لێرەدا پێوستە ئەوە ڕونكەینەوە، ڕاستە بەنسبەت كورد، بەپێی یاسای زمانە فەرمییەكان بێت، زمانی عەرەبی زمانی دوەمە لەو ناوچانەی، كە نەتەوەی كورد زۆرینەن، زمانی ئینگلیزی زمانی بێگانەیە، بەڵام لەو قوتابخانانەی، كە خوێندنیان تێدا بە زمانی ئینگلیزییە، بە نسـبەت ئەو جوتزمانانە، زمانی ئینگلیزی زمانی دوەمە، هەر لەم بارەیەوە بۆچونی (قادر، ٢٠١٤: ١٢٢) وەردەگرین و دەڵێت: "چەمكی زمانی دوەم وەك شـاراوە یەك هەردو چەمكی (زمانی دوەم) و (زمانی بیانیی/بێگانە) لەخۆ دەگرێت. یەكەمیان لەناو كۆمەڵە جوت_زمانەكەی خۆی و دوەمیان لە دەرەوەی كۆمەڵەكەی خۆی، یان لە پۆلی خوێندندا، فێریدەبێت"بۆیە توێژەر لە تەواوی توێژینەوەكەی چەمكی زمانی دوەمی بۆ بەرانبەر بە زمانی ئینگلیزی بەكارهێناوە.

1 بگەڕێوە بۆ (حەسەن، ٢٠٢٢: ١١٨-١٢٤)و (عبدولوەهاب، ٢٠١٥: ٨٣-٨٥).

## پاشکۆی ژمارە(١)

## پێوەری داخورانی زمانی دایک

### زانیاری دیمۆگرافی

قوتابخانەکەت ناوی چییە؟ معارفی نێودەوڵەتی ☐ سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس ☐ سۆرانی نمونەیی ☐

| تەوەرەی یەکەم/ لە ژیانی ڕۆژانەتدا لەگەڵ ئەم کەسانەی خوارەوە بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟ |
|---|
| پرسیار و برگەکان |

١,١ لەگەڵ باوکت بە چ زمانێک قسە دەکەیت ؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٢,١ لەگەڵ دایکت بە چ زمانێک قسە دەکەیت ؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٣,١ لەگەڵ خوشک و براکانت بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٤,١ لەگەڵ هاوپۆلەکانت لە ناو پۆلدا بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٥,١ لەگەڵ هاوپۆلەکانت لە دەرەوەی پۆلدا بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٦,١ لەگەڵ مامۆستاکانت لە قوتابخانەدا بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٧,١ لەگەڵ هاوڕێکانت، کە لە قوتابخانە لەگەڵت نین بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٨,١ لەگەڵ کەسوکارت / خزم و کەس بە چ زمانێک قسە دەکەیت؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

| تەوەرەی دوەم/ لە ژیانی ڕۆژانەتدا ئەم کەسانەی خوارەوە به چ زمانێک قسه لەگەڵ تۆدا دەکەن؟ |
|---|
| پرسیار و برگەکان |

١,٢ باوکت به چ زمانێک قسه لەگەڵ تۆدا دەکات؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٢,٢ دایکت به چ زمانێک قسه لەگەڵ تۆدا دەکات؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٣,٢ خوشک و براکانت به چ زمانێک قسه لەگەڵ تۆدا دەکەن؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٤,٢ هاوپۆلەکانت لە ناو پۆلدا به چ زمانێک قسه لەگەڵ تۆدا دەکەن؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٥,٢ هاوپۆلەکانت لە دەرەوەی پۆلدا به چ زمانێک قسه لەگەڵ تۆدا دەکەن؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٦,٢ مامۆستاکانت لە قوتابخانه به چ زمانێک قسه لەگەڵ تۆدا دەکەن؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٧,٢ لە ژیانی ڕۆژانەتدا هاوڕێکانت، کە لە قوتابخانه لەگەڵت نین به چ زمانێک قسه لەگەڵ تۆدا دەکەن؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٨,٢ خزم و کەست به چ زمانێک قسه لەگەڵ تۆدا دەکەن؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

| تەوەرەی سێیەم/ ئەم چالاکیانەی خوارەوە لە ژیانی ڕۆژانەت به چ زمانێک ئەنجام دەدەیت؟ |
|---|
| پرسیار و برگەکان |

١,٣ به چ زمانێک سەیری بەرنامه تەلەفزیۆنیەکان و ڤیدیۆ و گۆرانی دەکەیت و گوێ دەگریت؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک

☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٢,٣ خوێندنەوەی (پەرتوک، چیرۆک، ڕۆمان..) به چ زمانێکه؟

☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک
☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٣.٣ نامە و بیرەوەری و تێبینیەکانی ژیانی ڕۆژانەت بە چ زمانێک دەنوسیت؟
☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک
☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

| تەوەرەی چوارەم/ لەم بارودۆخانەی خوارەوە کامە زمان بەکاردەهێنیت؟ |
|---|
| پرسیار و بڕگەکان |

٤,١ کاتێک جنێو دەدەیت چ زمانێک بەکار دەهێنیت؟
☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک
☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٤,٢ کاتێک سەرسام دەبیت چ زمانێک بەکار دەهێنیت؟
☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک
☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٤,٣ کاتێک لە ژێر فشار دایت چ زمانێک بەکار دەهێنیت؟
☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک
☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٤,٤ بە چ زمانێک خەون دەبینیت؟
☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک
☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٤,٥ کاتێک شتەکان دەژمێریت، کامە زمان بەکار دەهێنیت؟
☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک
☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

٤,٦ کاتێک لە مەترسیدایت چ زمانێک بەکار دەهینیت؟
☐ کوردی ☐ ئینگلیزی ☐ هەردوکیان وەک یەک
☐ کوردی زیاتر لە ئینگلیزی ☐ ئینگلیزی زیاتر لە کوردی

## پاشکۆی (٢)

### زانیاری شارەزایان

| ژ | ناوی شارەزایان | پسپۆڕی | پلەی زانستی | وڵات |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د. قەیس کاکل تۆفیق | زمانی کوردی | پرۆفیسۆر | هەرێمی کوردستان-عیراق |
| ٢ | د.کاروان عومەر قادر | زمانی کوردی | پرۆفیسۆر | هەرێمی کوردستان-عیراق |
| ٣ | د. شیلان عومەر حسێن | زمانی کوردی | پرۆفیسۆر | هەرێمی کوردستان-عیراق |
| ٤ | د. ئاڤێشتا کەمال مەحمود | زمانەوانی دەرونی | پرۆفیسۆر | هەرێمی کوردستان-عیراق |
| ٥ | هەڵسەنگێنەری نەناسراو | زمانی کوردی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | هەرێمی کوردستان-عیراق |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | د. شێروان حسێن حمد | زمانی كوردی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | هەرێمی كوردستان-عیراق |
| ٧ | د. ئاراز حكیم رەزا | دەرونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | هەرێمی كوردستان-عیراق |
| ٨ | د. كاروان كاكەبرا كاكەمد | دەرونزانی زمانەوانی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | هەرێمی كوردستان-عیراق |
| ٩ | د. سەعید فەقێ برایم | كۆمەڵناسی | مامۆستا | هەرێمی كوردستان-عیراق |